# کرۆنۆلۆژیای کوردستان

## ساڵی 1502 دوای زایین

له ئێران حکومەتی سەفەویەکان پێک دێ ! کوردستان دەبێتە مەیدانی شەڕی عوسمانیەکان و سەفەویەکان. فارس و تورک پێویستیکی گرینگیان بۆ پشتیوانی خۆیان بە هێزی ئاغاواتی کورد دەبێ ! لەوکارەدا عوسمانەکان لە لایەن ئاغایەکی کورد بە نێوی ئیدریس بتلیسی(وەکو جاش چووتە ناو مێژووی کوردەوە) کە سونی بووە, پشتیوانی کراون . بەشێکی کەمی کوردەکانی شیعەی رۆژهەڵاتی کوردستان، لایەنی سەفەویەکانیان گرتووە. زۆر جاران لەو ماوەیەدا ئیدریس بتلیسی ویستویە دژ بە تورکەکان لایەنی سەفەویەکان بگرێ, بڵام فارسەکان لەگەڵی ڕێک نەکەوتوون !
لێرەوە ڕێ خۆش دەبێ بۆ پارچە پارچە کردنی کوردستان لە لایەن هێزەکانی بێگانەوە.